تەلارساز : ڕێژین صلاح حسێن

# كاریگەری دیزاین ی تەلارسازی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی

ئامادەکردنی بابەت:

ئەندازیاری تەلارساز

ڕێژین صلاح حسێن

ژمارەی پێناس

١٠٢٣٢

٢٠٢٥

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## ناوەڕۆک


- پێشەکییەکی کورتی بابەت
- ئاستەکانی دیزاین کردن و کاریگەرییان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی
- چەند نمونەیەك لەسەر بابەتەکە لە شارەکانی کوردستان.
- ڕۆڵی دیزاین ی تەلارسازی و کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایتی هاوڵاتیان بە گشتی .
- ڕاسپاردەکان
- دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە
- سەرچاوەکان

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## پێشەکی:-

بە درێژایی مێژوو تەلارەکان هەمیشە وەك ناونیشان و ڕەمزی کۆمەڵگا بوون بە درێژایی مێژوو، ڕەنگدانەوەی سەرکەوتن و شکستەکانی بون لە سەرئەنجام , لەڕێی تەلارەکانەوە ئەتوانین زۆر شت لەسەر ئەو کۆمەڵگایە بزانین کە پێش چەندین ساڵ لەو ناوچەیە ژیاون

هەر لە ڕێی بنیادنراوە کۆنەکان تا خانوو پێکهاتەی تەلارسازی شارەکە لە کاتی هەڵسەنگاندنی ئەم بابەتە لەگەڵزانستی لێکۆڵینەوەی سەردەم دا دەربارەی زانستی دەرونی و ژینگە و کارتێکەرەکانی دەتوانین بگەینە وەڵامی ئەو پرسیارەی (چۆن تەلارسازی کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا دروست دەکات؟).

مەبەستی سەرەکی دروستکردنی بیناکان بریتی یە لە ژینگەی مادی کە مرۆڤ تێیدا ئەژی

بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەسەر لایەنی دەرونی وکۆمەڵایەتی نیشاندەری چۆنێتی بیرکردنەوەمانە بۆ جیهان و لەهەمان کات دا دەرخەری ئەوەیە کە چۆن لە خۆمان دەڕوانین.

## کاریگەری دیزاین ی تەلارسازی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەی دروستکردنی جێی حەوانەوەی مرۆڤ یاخود بینای بەکارهێنانی گشتی ئاشکرایە، بەڵام دیزاینی تەلارسازی وەك چۆن پشت ئەبەستێ بە کارتێکەری ژینگەی ناوچەکە و کەرەستەی بەکارهاتووی ناوچەکە بەهەمان شێوە پشت ئەبەستێ بە هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و لایەنی کۆمەڵایەتی کەسانی بەکارهێن و دروستکەری تەلارەکانەوە , شێوازەکانیش بە پێی تێگەڵ بوون و نزیکبونەوەی جیهان لە یەکترەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە

لەگەڵ ئەوەشدا لە تەلارسازی نوێ دا زۆر گرنگە ڕێزی لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ناوچەکە بگیرێت لەناو ژینگەی تەلارسازیی دا.

ئەم بابەتەی هەڵمبژاردوە بۆ لێکۆڵینەوە بە بابەتێکی گرنگی ڕۆژی دەزانم بۆیە هەوڵ ئەدەم سەرەداوێك بگەیەنم بە خوێنەری بابەتەکە



تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

- **ئاستەکانی دیزاین کردن و کاریگەرییان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی**

بابەتی لێکۆڵینەوەکەم بریتی دەبێت لە دیاریکردنی کرۆکی پەیوەندی نێوان شێوە و بۆشاییە تەلارسازییەکان و سروشتی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی یەکانی ئەو کەسانەی تەلارەکە بەکاردێنن. وە چۆن ئەم پەیوەندیە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان دروست ئەکەن

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بتوانین یارمەتی تەلارساز بدات بڕیاری تەندروست بدات لە دابین کردنی لایەنی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەران ببێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆژەکان لەم ڕووەوە

وەك تێبینی ئەکرێت دیزاین کردنی زۆرینەی پرۆژە نیشتەجێ یەکان گرنگی تەواو ئەدەن بە بەکارهێنانی بۆشاییەکان تەنها بۆ مەبەستی وەبەرهێنان و لایەنی ئابوری وەبەرهێن بەبێ گوێدانە پێداویستیە کۆمەڵایەتی یەکانی مرۆڤ ,

کە خۆی لە ڕاستیدا دەبێت هاوئاست و هاوتەریب بێت لەگەڵ لایەنی ئابوری پرۆژەکەدا بۆ ئەوەی ڕووی مرۆیی ناو پرۆژەکە بپارێزرێت

کۆی بابەتەکە لەسەر سێ ئاستی تەلارسازی گرنگ لە فراوانەوە بۆ ئاستی وردەکاری دەخەینەڕوو بەم شێوەیەی لای خوارەوە لەڕێی چەند نمونەیەکەوە بە کورتی ناوەڕۆکی بابەتەکە دەخەینە ڕوو.

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## لەسەر ئاستی پلانسازی شار:-

لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرۆکەی سیستمی سەرمایەداری و گواستنەوەی ئەم سیستمە بە تایبەت دوای جەنگی جیهانی بە سەرجەم دونیادا و دروست بوونی شاری گەورەتر و چڕبونەوەی خەڵك لەیەك ناوچە و دەرکەوتنی جیاوازی چینایەتی بە شێوەی جیاکردنەوەی زۆن بۆ سەرمایەداران و دابڕینیان لە بەشەکەی تری کۆمەلگا کە پێشتر تەنها پاشا و فەرمانڕەوا و دەور و پشتیان بە شورا جیادەکرانەوە و دەروازەیان هەبوو کەسانی تری کۆمەلگا پێکەوە دەژیان و چینی ناوەڕاست هەبوو لە نێوان هەژاران و سەرمایەداران و هەمیشە پێویست بوو بەرکەوتن هەبێت لە نێوان چینەکانی کۆمەلگادا بۆ بەردەوامی ژیان و لەم ڕوانگەیەوە هەست دەکرا زۆرینە هەمان بۆچونیان لەمەڕ پرسە نیشتیمانیەکاندا هەبووە و هەست بە یەکدەنگی نەتەوەیی کراوە




تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

ئەگەر شاری سلێمانی بە نمونە وەربگرین لەسەر ئەم بەشە

ئەوەی ڕوونە ئەم شارە لە بنەڕەتدا ڕاستەوخۆ بۆ شار پلانسازی بۆ کراوە و هەموو پێکهێنەکانی شاری ئەوکاتەی بۆ فەراهەم کراوە لەگەڵ ئەوەشدا پێشتر ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بونی سەرمایەداران و کەسە ناسراو و دیارەکان کە خاوەن پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی بوون هەریەك لە شوێنێکی دیاریکراو و گەڕەکێکی دیاریکراو بووە و چواردەوریان تەندراوە بە خەڵکی ئاسایی و بەرکەوتنی بەردەوام هەبووە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و سەرەڕای جیاوازی سەرمایە و پێگەی کۆمەڵایەتی هەموو لایەك خۆیان بە کەس و کاری یەکتر زانیوە و بەو هۆیەوە جیاوازی چینایەتی دروست نەبووە و کێشەی کۆمەڵایەتی لەو بابەتەوە دروست نەبووە.

بەڵام ئێستا هەست دەکرێت بە بەرنامە چینەکانی کۆمەڵگا لە زۆنی دیاریکراو جیادەکرێنەوە و پەیوەندی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا وردە وردە نامێنێت و دواتر ئاماژە بە لێکەوتە خراپەکانی ئەم کارە دەکەین



تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## لەسەر ئاستی ناوچەیی:-

له ڕووی دیزاین کردن و جێگیر کردنی سایت پلانی پرۆژەکانەوە کەمترین هەژمار بۆ ڕێگەی هاتووچۆ و تێکەڵ بوونی هاوڵاتیانی نێوان دوو کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون دەکرێت تەنها بیر لە زۆرترین داهات و کەمترین پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاکان دەکرێتەوە و

شێوازی دیزاین کردنی درێژکراوەی شەقامەکان کە بمانەوێت بیانگەیەنین بە یەکتر هیچ کاتێك ناگەن بە یەك واتا بواری بەیەك گەیشتنەوە لە ئایندەدا نامێنێت, جیاکردنەوەی خەڵکی نێوان دوو گەڕەکی شارەکە بە دەستکەوت ئەزانن بەڵام لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێك حساب بۆ فراوانبوونی ئایندە و گۆڕانکاری و تێکەڵ بوونی داهاتووی ئەو ناوچەیە نەکراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکان فەرامۆش کراوە و تاکی بێ ئینتیما و کورتبین و بەرژەوەندی خواز و داخراو دروست ئەکات.

بۆ نمونە شەقامی تەنیشت بینای پارێزگای سلێمانی کە چەندین پرۆژەی گەورە و قەرەباڵغ ی لەسەر بنیادنراوە بەهۆی تەنها یەك یەکەی نیشتەجێ بونەوە شەقامە دوو ئاڕاستەکە لەپڕ کۆتایی هاتووە و ئێواران و بەیانیان لۆدێکی زۆر دەکەوێتە سەر ئەم شەقامە بەبێ ئەوە ڕێی جێگرەوە (بدیل) هەبێت تا هاوڵاتیان لەکاتی بوونی لۆد ی ترافیکدا بەکاری بهێنن



تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

بۆ نمونە

تەنیشتەکان و شوێنە گشتی یەکان و نەخۆشخانە و کافتریا و مۆڵ و شێوازی ژیان و هتد..




بۆ نمونە ئەگەر لەم وێنەیە وردبینەوە دەبینین لەم شوێنەدا شەقامێکی سەرەکی دەڕوات پاشان بەبێ خولانەوە (کۆڵدیساك) شەقامەکە کۆتایی پێ دێت

چارەسەری دەرچوونی شەقامەکە و بەستنەوەی بە تۆڕی ناوشارەوە لە ئاڕاستەی چووندا بە ئایندە سپێردراوە

هەروەها لای چەپی وێنەکە دەبینین کە دوو ساید بووە بەڵام یەك سایدی ماوەتەوە و سایدێکیان کراوە بە شەقامی چواردەوری پرۆژەکە و کەوتۆتە ناو پەرژین (سیاج)ی پرۆژەکەوە

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

وێنەی ژمارە (٤)




ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم وێنەیەی سەرەوە بە ڕوونی دەبینین کە شەقامێکی سەرەکی لە گەڕەکی کوردساتی سلێمانی بە دووئاڕااستە (دووساید) لە شەقامی شەست مەتریەوە درێژ دەبێتەوە بەڵام بە بێ هیچ هۆکارێکی تۆپۆگرافی و بەربەستی سروشتی و دەستکرد ئەم شەقامە کت و پڕ کۆتایی دێت بێ گوێدانە ئەوەی لە داهاتوودا چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت


بەهەمان شێوە بە دووری چەند سەد مەترێك لەهەمان شەقام شەقامێکیتریش کت و پڕ لە شەقامێکی سەرەکی دوو ئاڕاستەوە دەبێت بە شەقامێکی لاوەکی یەك ئاڕاستە

شایەنی باسە و جێی هەڵوەستە لەسەر کردنە ئەم گەڕەکانەی سلێمانی زۆر تازەن و فراوان بوون نەبووە لەناوچەیەکی کۆنەوە بۆ ناوچەیەکی تازە بەڵکو لە سەردەمی ئێستا و بوونی ماستەرپلان دا کراون

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## لەسەر ئاستی یەکەی نیشتەجێ بوون:-

شێوازی دابەشکردنی پارچە زەوی ( افراز) بەشێوەیەکی گەورە و لە پاش دروستکردنی یەکەکان دەبینین کە دروستکردنی چەندین ژووری زیادە و ناپێویست سەرەڕای پڕکردنەوەی ئەساسی ژوورەکان و زۆرکردنی ڕووبەری بەرکەوتنی کەش و هەوا و حساب نەکردن بۆ تایبەتمەندی جوگرافی و کەش و هەوای گشتی ناوچەکە کەمکردنەوە و نەهێشتنی ڕوبەری کراوە و بەهەدەردانی ڕووبەر لە شوێنی دانیشتن و هتد لەگەڵ بەرزکردنەوەی داخستنی سیاجەکان تا ئاستی خاڵی دەرەوەی زەویەکە کە جگە لە دابڕینی کۆمەڵایەتی بەهۆی جیاکردنەوە بێ ئەندازەکەوە هەروەها بردنە پێشەوەی سیاجە تەنیشتەکان دەبێتە هۆی داخستنی خانووەکە و داپۆشینی فۆڕمی خانووی دراوسێ لەوەش گرنگتر کێشەی تەندروستی یە کە دەبێتە هۆی نەگەیشتنی خۆر بە خانووە دراوسێکان و دروستبوونی ناوچەی شێدار و کەڕووکردنی دیوارەکان و هتد..







تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

هەروەها بەم دواییە دیاردەیەکی نامۆ سەریهەڵداوە ئەویش (دروستکردنی تەنها ڕونمای پێشەوە نهۆمی سێیەم بەشێوەی ڕووکەش (تەنها کەڤەر) بۆ بەرز نیشاندانی خانوەکە لەچاو خانووەکانی تەنیشتی دا جگە لە بەهەدەردان دەبێتە هۆی ساردبونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان دراوسێ کانی هەمان گەڕەك و کۆڵان.







تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

پێشتر تەنها چەند خانوویەك لە شارێكدا بەو شێوەیە بووە و ئەوش ئاماژە بووە بۆ جۆری بیرکردنەوە و کەسایەتی چەند کەسێك بەڵام ئێستا دیاردەی نەخۆشی (خۆ بە سەرمایەدار نیشاندان) یاخود دیاردەی (خۆشگوزەرانی ساختە) بڵاو دەبێتەوە و کەسانێك کە سەرمایەکەیان هاوتەریب نیە بە خانوو و ئوتومبێل و شێوازی ژیانیان بەڵکو بە ڕووکەش خۆیان بەو شێوەیە نمایش دەکەن کە ئەیانەوێت لە ڕاستیدا وا بن وەك چاولێکەری کردنی کەسانی تری خاوەن سەرمایە.

ئەم مەبەستەش تێچوویەکی زۆری ئەوێت بۆی کەسانێکی زۆر ناچار بە کاری نا ئاسایی و نا یاسایی و فریودان و هتد دەبن بۆ پەیدا کردنی ئەو خەرجیە زۆرە

بۆیە ئەگەر تەنها چاوخشاندنێکی خێرا بە دادگاکان و هەواڵ و ڕاپۆرتی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆربوونی دیاردەکانی فێڵ کردن و فریودان و هتد دەبینین و دەبیستین کە ڕاستەخۆ و ناڕاستەخۆ لێکەوتەی ئەم بابەتەن.

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## ڕۆڵی دیزاین ی تەلارسازی و کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایتی هاوڵاتیان بە گشتی

دیزاین کردن ی تەلار و بیناکان بە گشتی ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی دەبینن لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی بەکارهێنەران لە کاتێکدا دیزاینەران کەسانی شارەزا لە کەلتور و هەڵس و کەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا بن

لەمەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان ئینتیما بۆ بۆشاییەکان و کاردانەوە کۆمەڵایەتی یەکان دا

وەك چۆن نەبونی تایبەتمەندی (خصوصیە) لە ماڵێکدا کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر مرۆڤ و زیان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دەدات , بەهەمان شێوە بۆ کۆڵان و گەڕەك و ناوچە و شاریش ڕاستە پێویستە بیر لە تایبەتمەندی و جۆری بیرکردنەوەی کەسەکان بکرێتەوە

بۆیە ڕێکخستنی بیناسازی ناوچەیەك ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێت بۆ دیاریکردنی چۆنێتی ژیان و بەرکەوتە کۆمەڵایەتی یەکانی خێزانەکانی ئەوناوچەیە

هەروەك چۆن گرنگی دان بە ناوچە هاوبەشەکانیدەوەی ماڵەکان و سەوزاییە هاوبەشەکان بۆ هەماهەنگی کەسەکان دەبێتە هۆی بەهێز بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی یەکانی دانیشتوانی ئەوناوچەیە

بەپێی لێکۆڵینەوەکان کەسانی بەکارهێنەری باڵەخانە بەرزەکان کە شێوازی تازەی ژیانی ناو شارە گەورەکانە کەمتر تێکەڵی یەکتر دەبن و کەمترین چالاکی کۆمەڵایەتی پێکەوەیی ئەنجام دەدەن لەبەر جیاوازی باکگراوندی هەر خێزانێکیان و نەبوونی پاڵنەرە کۆمەڵایەتی یەکان بۆ تێکەڵ بوون و دوور کەوتنەوە لە گۆشەگیری.

بە گشتی ڕەچاو کردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی دیزاین کردن دا ئەرکێکی گرنگی تەلارسازەکانە

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## ڕاسپاردەکان:

یەکەم:- دروستکردنی ناوچەی جیاکراوە بۆ کۆمەڵێك کەس لە شارەکان دا شورابەند کردنیان و دابین کردنی خزمەتگوزاری بەردەوام بۆیان و دابین نەکردنی لانی کەمی خزمەتگوزاری بۆ چینەکانی تری کۆمەڵگا نابێتە هۆی پاراستنیان بەڵکو دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئاسایشی گشتی کۆمەڵگا لە داهاتوودا و شۆڕشی پێچەوانە دروست ئەبێت و تەونی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت

ئەو چینەی کۆمەڵگا کە هەست بە پەراوێز خستن دەکات تاکێکی خەمۆك و دڵ توند و خاوەن کاردانەوەی خراپ دەبێت بەرامبەر کەسانی ناو پەرژینەکان

کەسانی دەرەوەی پەرژینەکان کەسانی ناو پەرژینەکان بە هۆکاری هەر کێشەیەکی وڵات دەزانن و باشی گوزەرانی ئەوان بە هۆکاری خراپی گوزەرانی خۆیان حساب دەکەن.

وە چیرۆکی سەیروسەمەرە لە بەهەدەردان و کۆبونەوەی پارە و هەڵئاوسانی ئابوری لە شوێنە داخراوەکان دروست دەبێت و دەگاتە خەڵکانی دەرەوەی پەرژینەکان ناسنامەیەکی ناشرین بۆ کەسانی ناوەوە دروست دەبێت و هتد...

لێکەوتەی ئەم دیاردەیە لە ناوچەی سەوز (منطقة الخضراء) ی بغداد ی پایتەختی عێراق بە ڕوونی بینرا کە لەکاتی تەقینەوەی خۆپیشاندانەکانی شارەکەدا خەڵك هێرشیان کردە سەر ناوچە داخراوەکەو پەرژینەکانیان لادا و وەك تاوانبار مامەڵەیان لەگەڵ کەسانی ناوچەی سەوز دەکرد

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

یەکەم:- پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵس و کەوتی تاکەکانی کۆمەڵگا بابەتی گرنگی داهاتووی نەوەکانمانە و پێویستە هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت

یەکەم:- دروست کردنی پەرژین لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانی کۆمەڵگا و دروست کردنی جیاوازیەکانی چینایەتی و بەربەستی کۆمەڵایەتی و دواجار دووبەرەکی یەك هەڵوێست نەبونی تاکەکان لە پرسە گرنگەکانی پەیوەست بە سەرجەمی کۆمەڵگاوە

دورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی نەهێشتنی ئینتیما و خۆ بەخاوەن زانینی شوێنە گشتی و تایبەتەکانی وڵات

ئەو چینەی کۆمەڵگا کە هەست بە پەراوێز خستن دەکات تاکێکی خەمۆك و دڵ توند و خاوەن کاردانەوەی خراپ دەبێت بەرامبەر کەسانی ناو پەرژینەکان

دروستکردنی چوارچێوەیەکی داخرا و سیستمێکی داخراو بۆ ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەناوی پاراستنی ئاسایش (سیکیوریتی) یەوە بە پێچەوانەوە لە دوور مەودادا زیانی زۆر گەورە بە کەسانی ناو چوارچێوە پەرژین کراوەکان دەدرێت.

تەلارساز : ڕێژین صلاح حمەخان

## سەرچاوەکان:-

⋆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ئامادەکاری بابەت

بەشێك لە ڕاپۆرتی شیکاری گروپی تەلارسازی Ing Architects بە ناونیشانی (تەلارسازی و ژینگەی کۆمەڵایەتی)

بەشێك لە ڕاپۆرتی شیکاری (**التأثير المتبادل بين العلاقات الاجتماعيه والفراغات المعماريه)ئامادەکردنی**

**صفاو محمود عیسی** **حسام الدين مصصفی** **خلود ابراهیم مرسی**